RIKU
RIKOSUHRIPÄIVYSTYS
VICTIM SUPPORT FINLAND

ئێشکگریی قوربانییانی تاوان (ڕیکو) (RIKU)

ڕێنمایی و پشتیوانی پێشکەش بە قوربانیانی تاوان و کەسوکاریان و شایەدەکانی کەیسە تاوانکارییەکان دەکات.



ریکو (RIKU) خزمەتگوزاریی پشتگیریی تایبەت، پێشکەش بە قوربانییانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و تاوانە پەیوەندیدارەکان دەکات

پەیوەندیمان پێوە بکە ئەگەر:

- تۆ فێڵت لێکراوە و کەوتوویتەتە بارودۆخێکەوە کە ناتوانیت بەبێ کێشە لێی دەرباز بیت.
- کەسێک بارودۆخی تۆی قۆستووتەتەوە، بۆ نموونە بەوەی مووچەیەکی زۆر کەمتر لە شایستەت پێ دەدات، یان فشارت دەخاتە سەر، یان ناچارت دەکات بۆ ئەوەی خزمەتگوزاریی سێکسی پێشکەش بکەیت، یان تاوان ئەنجام بدەیت یان هەر شتێکی تر، دژ بە ویستی خۆت
- کەسێک کۆنترۆڵی ئەوە دەکات کە تۆ چی دەکەیت، یان بۆ کوێ دەچیت، یان تێکەڵیت لەگەڵ کێ هەیە، یان چۆن پارەکەت خەرج دەکەیت
- کەسێک هەوڵ دەدات تۆ ناچار بکات گوێرایەڵی بیت، بۆ نموونە بە هەڕەشەی ئاشکراکردنی شتێکی کەسیی تایبەتی خۆت، یان دیپۆرتکردنەوەت، یان ئاگادارکردنەوەی بەڕێوەبەران، یان زیان گەیاندن بە خۆت یان خێزانەکەت
- کەسێک پارەی لێ وەرگرتوویت بۆ هاتنە فینلەند، بۆ نموونە بۆ کار یان بۆ قوتابی
- بە بەردەوامی ڕۆژانە زیاتر لە 8 کاتژمێر کار دەکەیت، یان تا درەنگ کار دەکەیت، بەبێ قەرەبووکردنەوەی زیادەکاری؛ تۆ بە تێکڕایی لە هەفتەیەکدا کەمتر لە دوو ڕۆژ پشوو وەردەگریت، یان مۆڵەتی نەخۆشی یان مۆڵەتی سالانە بە مووچەوە وەرناگرێت
- تۆ دەترسییت کە کەسێک زیانت پێ بگەیەنێت، ئەگەر هەوڵی جیا بوونەوە بدەیت لە پەیوەندییەکی هاوسەرگیریی یان پەیوەندییەکی جووتەیی، یان ناچار کراویت بۆ پەیوەندییەک

ئەگەر هەر یەکێک لەمانەت بەسەردا دێت، یان بە شێوەیەکی تر گومانت هەیە کە خۆت، یان کەسێکی نزیکت قوربانیی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە یان چەوساندنەوەیەکی تر بێت، تکایە لە ڕێگەی تەلەفۆن یان نامەوە پەیوەندی بکە:

یان ئیمە **+358 40 632 9293**

یان ئیمەیل **help@riku.fi**

پەیوەندی بە ئێشکگریی قوربانییانی تاوانەوە بکە (ڕیکو) (RIKU)، بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاری و پشتیوانی، ئەگەر:

- تۆ قوربانیی تاوانیت یان گومان دەکەیت کە بوویتە بە قوربانیی تاوان.
- تۆ شایەتی تاوانیت
- کەسوکارت بوونە بە قوربانیی تاوان.

خزمەتگوزاریەکانمان بەتەواوی متمانەپێکراو و نهێنین. دەتوانیت بە بێ ناوهێنانیش پەیوەندیمان پێوە بکەیت، تەنانەت ئەگەر هێشتا بیر لەوە دەکەیتەوە کە ئایا سکاڵا لەسەر تاوانەکە تۆمار بکەیت، یان نا.. ئێمە بۆت ڕوون دەکەینەوە کە تۆمارکردنی سکاڵا مانای چیپە و ئەگەر بڕیارت دا بیکەیت، یارمەتیت دەدەین.

تکایە تێبینی بکە:

- بەبێ مۆڵەتی تۆ هیچ زانیارییەک دەربارەی تۆ یان کەیسەکەت لەگەڵ کەسدا بەیەکەوە نابەستین.
- ئێمە بەبێ مۆڵەتی تۆ زانیاری لەسەر تۆ یان بابەتەکەت نادەینە هیچ کەسێک.
- کاتێک پەیوەندیمان پێوە دەکەیت، پێویست ناکات زانیاریی ورد دەربارەی کەیسەکەت بدەیت.
- ئێمە هەمیشە وەرگێڕی پیشەیی شارەزا بەکاردەهێنین، ئەگەر زمانی فینلەندی یان سویدی یان ئینگلیزی نەزانیت.

لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە

Riku.fi/trafficking ←

Riku.fi/labor-exploitation ←

ئەگەر گومانت لە بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، یان چەوساندنەوەی پەیوەست بە کارەوە هەیە، ئیمەیل بۆ ئەم ناونیشانە بنێرە **help@riku.fi** . ئامۆژگاری و پشتیوانیی بەمتمانە و نهێنی وەردەگریت.

لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە

هێڵی یارمەتی بۆ قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و تاوانە پەیوەندیدارەکان
+358 40 632 9293
دووشەممە هەتا هەینی، کاتژمێر 13-16
پەیوەندی بکە، یان نامە بنێرە

ڕووبەڕوو لەگەڵ خۆت

ئەگەر پێویست بکات، دەتوانین لە یەکێک لە نووسینگەکانی ڕیکو (RIKU) پێشوازیت لێ بکەین.

بەپێی توانا، دەتوانین کەسێکی پشتیوان ئامادە بکەین بۆ ئەوەی لەگەڵت بێت بۆ بنکەی پۆلیس یان بۆ دادگاییکردن.

دەتوانیت بە زمانی خۆت پەیوەندیمان پێوە بکەیت.
ڕیکو (RIKU) ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەیی ناسیاسی و نائایینیی سەربەخۆیە.